www.kurdistannet.org
بەکاتی ناوەندی ئەوروپا0:55 2006-7-2

## دەردە دڵی شێرزاد و گفتوگۆی من و شەهیدێک بەشتی (2) ... کوڕە شەهیدێک

5-2

لە ئەلقەی پێشوو بینیتان چۆن فەلەکەدین کاکەیی بە دانانی شێرزادی کۆنە بەعسی و کوڕی بەعس شەهید گیانی سەرکۆنە کرد. خۆ ئەگەر سروودی ئەی رەقیب نەبوایە مەحاڵ بوو بە زیندوویی لە دڵی میللەتا بمێنێتەوە،

کاک فەلەک وەک وەزیرێک هەقی خۆیەتی گۆرانکاری لە فەرمانگەکانی سەر بە وەزارەتەکەیدا بکات و بە تێروانینی خۆی کی بە فاشیل دەزانی لابدات و کێش بە پەسەند دەزانی لە جێگەیاندا دابنی. ڤەلی هەندێک پێوەر هەن لەسەرووی حەزی ئەون و نابی پشتە پێیان لێبدات. بەمانایەکی دی خولقاندن و قەوماندنی گۆرانکاری هەقی خۆیەتی و ئەو دەسەلاتەشی هەیە گۆرانکاری لە ستاف و پێکهاتەی فەرمانگەکانی وەزارەتەکەیدا بکات، بەس دەبی گورانکاری لە پێناوی پوخت و چاککردن بێت وبکرێتە ئامرازێک بۆ ئەو ئامانجانەی لە پێش ماون. وەک ئەوەی نێچیرڤان بارزانی سەرۆکی حکوومەتی کوردستان لە دیدارێکدا گووتی:راستە هەنگاوەکانمان لەسەرخۆن بەلام چارەنووسسازن. بۆیە ناچارم بلێم هەڤال بارزانی ئەگەر نیوەی پێکهاتەی کابینەکەت وەک کاک فەلەک بیر بکەنەوە و رەفتار بکەن لێت موهەقەق بێت بەو ئامانجانە ناگەین کە هەموو هێزێکی خۆتان بۆی خستۆتەگەر. چونکە مەحالە یەکێکی وەک شێرزاد بتوانی و بزانی ئەو هەنگاوە چارەنووسسازە چین.... ئەگەر بشزانی کاریان بۆ ناکات... ئەگەر کاریشیان بۆ بکات بە مەبەستی ئاستەنگ دروست کردنە.... .

بۆیە لە نێوەندی ئەو تاریفکردنەدا وەک کۆنە کادیرانی پارتی کە لە گەرمەی شیکردنەوەی رووداوەکاندا دەیانگووت:لێرەدا پرسیارێک خۆی قووت دەکاتەوە. منیش دەپرسم.

دەبی ئەو تێگەیشتنەی شێرزاد لە فەلەک چی بێت، کە لە وەلامی ئەو پرسیارەی بۆ شێرزاد دا؟ گووتی:ئەو لە زمانی من دەگات.

من لەبەر ئەم هۆیانەی خوارەوە نالێم شێرزاد رۆژنامەنووس نییە:

1-ئەندامی سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستانە.

2-لە زۆربەی هۆیەکانی راگەیاندنی پارتی نووسین و بەرنامەی هەیە وبەرپرسانی پارتی قسەی بۆ دەکەن و پشتی دەگرن.

بەس ئەو مافەش بەخۆم دەدەم بە رۆژنامەنووسێکی فاشیل و سەقەتی ناو ببەم، لەبەر ئەم هۆیانەی خوارەوە:

1-تا ئێستە نازانی بە کوردیەکی پوخت بنووسی، کە لەپال ناوەرۆک زمانێکی پاراویش مەبەستە.

2-لە رەفتار و نووسیندا دوو کەسی تەواو لێک جیایە، بۆ ئەمەش دەتوانن بۆ ئەو نووسینانەی بگەرێنەوە کە پێشتر لە رۆژنامە و گۆڤارەکانی بەعس نووسیونی و لە پاش راپەرینیش لە رۆژنامە و گۆڤارەکانی پارتی، بۆ نموونە کە باس لە موعاناتی خەلکی نەدار دەکات و بەرپرسان تۆمەتبار دەکات خۆی تا ئێستە پێنج پارچە زەوی بە ناوی جۆراوجۆرەوە لە شارەوانی هەولێر وەرگرتووە لەگەڵ پارەی دوو سەیارەی مۆدیل بەرز، هەر لەم یەک دوو رۆژەی رابردووش بە برادەرێکی گووتیە باجەرۆکەم بۆ بفرۆشە، چونکە کاک فەلەک مۆنیکام دەداتی، زۆر جار لەسەر ئەو فەرمانبەرانەی نووسیوە کە دەوام ناکەن و مووچە وەردەگرن، کەچی خۆی فەرمانبەری وەزارەتی رۆشنبییریە و بی دەوام مووچەی مودیر ئەقدەمی وەردەگرت.

3- هەمیشە ئەو هەوالانەی بە نووسراوی رەسمی لە وەزارەتەکانەوە دەگەیشتنە ئەو شوێنەی شێرزاد کاری تێدا دەکرد، زۆر بی شەرمانە ناوی خۆی دەخستە سەر.

4-شێرزاد هەر بۆ دەرکەوتنی ناوی خۆی لە پاڵ ناوی گەورە بەرپرسان تەنانەت دەقی وتەی رەسمیشی بە ناوی راپۆرت بلاودەکردەوە بی ئەوەی یەک وشەی بۆ کەمو زیاد کردبی، کە هەمووومان دەزانین چۆن راپۆرت لەمجۆرە وتارانە دروست دەکری.

5-شێرزاد بەهۆی زمان و رەفتارە تایبەتیەکانی لەبەرامبەر ئەو بەرپرسانەی حەز لە پیا هەلدان دەکەن تا ئێستە لە نێوان1995-2005 دا چوار جار سەفەری دەرەوەی هەرێمیکردووە (تورکیا دوو جار، سوریا و میسر) ، لە بیرمە لە یەکێک لە سەفەرەکانیدابۆ تورکیا ئەو رۆژنامەنووسە کوردە لەو هەموو مەوزوعەی هەیە هەوالی پیاوێکی قەلەوی لەو رۆژنامەیە بلاوکردەوە کە کاری تێدا دەکرد لەسەر هەوالەکەش نوسیبووی (شێرزاد-ئەنقەرە) کە هەوالەکە لە زۆربەی سەتەلایتە جیهانیەکاندا هەبوو. کە چووە سوریاش هەرچەندە تازە کورد لە سوریا لە ئاکامی خۆپیشاندانێکدا دژی دەزگا سەرکوتکارەکانی رژێمی سوریا ژمارەیەکیان لی شەهید و گیرا بوو، کەچی لەبری تەغتیە کردنی ئەو کارەساتە وێنەی خۆی لەتەک قەبری نەزار قەبانی بلاوکردەوەو ئێستەشی لەگەلدا بێت بە یەک دێریش باسی قارەمانێتی کوردی سوریا و وەحشیەتی رژێمی سوریای نەکرد، چونکە لە مێشکی ئەودا کورد بوونی نییە و دواتریش دەست کورتن و هیچ ماقرێکی لێیان وەچنگ ناکەوی، دلنیام ئێستەش نازانی شێخ مەعشوق خەزنەوی کێیە.

كاتێكیش سەفەری میسری عروبەی كرد كۆمەلێک دیداری بی مانای لەگەل هەندێک لە هونەرمەندانی ئەوی كرد كە لەرووی هونەری رۆژنامەڤانیەوە سەقەت بوون، چونكە زیندوو نەبوون، مەیەستم ئەوەیە شێوازی دیداری پێوە دیار نەبوو. كە لە هەقیقەتدا دەبوو لەبری ئەم دیدارە بێتامانە خۆی بگەیەندبایە ئەو خانەوادە كوردانەی كە رۆژێک بە رێكەوت لە كەنالێكی فەرەنسیدا راپۆرتێكم لەسەریان بینی و هەیانبوو بە كوردی گۆرانی دەگووت.

6-لە كاتێكدا رژێمی بەعس بەر لە رووخانی بە لێشاو كوردی لە كەركووک دەردەكرد و ئەزرەباتی خوای نەدەدانی لەگەل خۆیاندا ببەن، شێرزاد دەچوو لەسەر محەمەد دورەو فەلەستینی دەنووسی و خۆی موتەسیر دەكرد و دەیگووت تا ئێستە تاوانی وا نەكراوە و خورخور فرمێسكی دەباراند، بەلام یەک وشەشی لەسەر كەركووک نەنووسیوە و نیو راپۆرتیشی لەسەر مەینەتەكانی كەمپی مەخموور و كاوە و دەركراوەكانی كەركووک نەكردووە.

بۆیە هەقی خۆمانە لە كاک فەلەک بپرسین:ئەری بەراست تۆ دەتەوی بە دانانی شێرزاد بە سەرنووسەری گۆڤاری هەرێم بەرەو ئامانجە چارەنووسسازەكان بچین؟ئەی رەقیب هەر ماوە قەومی كورد زوبان.

تا ئەلقەی داهاتوو